**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# دەرمانخواردنکردنی بەڕێز ئۆجەلان تاوانێکی دیکەیە دژ بە گەلەکەمان

**حکوومەتی شۆفینی تورکیا بە هەموو شێوەکان هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی گەلەکەمان لە باکووری کوردستان دەدات , لە ماوەی 83 ساڵەی تەمەنی ئەم دەوڵەتە شۆفینیە ئەم ڕاستییە بۆ هەمووان سەلمێنراوە , دژایەتی کردنی مافەکانی گەلەکەمان و سەرکوتکردنی بە ئاگر و ئاسن , هەڕەشەکردن لە هەرێمی کوردستان و دژایەتیکردنی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە شاری کەرکووك , تەنها چەند نموونەیەکی بچووکن لە دژایەتی ئەو حکوومەتە شۆفینییە بۆ مافە ڕەواکانی گەلەکەمان .**

**لە هەنگاوێکی دیکەی فاشیانەدا , وەك پسپۆرانی بواری ژەهراوییبوونی نێونەتەوەیی دەریانخست , بەڕێز ئۆجەلان لە لایەن حکوومەتی تورکیاوە ژەهرخوارد کراوە** " دکتۆر (پاسکال کیندز) لە تاقیگەی تایبەتیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر شەش تاڵە قژی بەڕێز ئۆجەلان کردبوو، وتی:" بەڕێز ئۆجەلان بەشێوەی سیستەماتیک لە دورگەی ئیمرالیدا، ژەهرخوارد کراوە و ماددەکانی کرۆم و سترۆنیسیۆم کە دوو ماددەی ژەهرن , لە نێو خواردن و خواردنەوەکەیدا بەکارهاتووە".

**ئێمە وەك ناوەندی چاك ژەهر خواردنکردنی بەڕێز ئۆجەلان شەرمەزار دەکەین و داواکارین لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی** : ژیانی ئۆجەلان بپارێزرێت , لێکۆڵینەوەیەکی نێونەتەوەیی **بکرێت لە سە ر ئە و دۆزە , داواکارین بە شێوەیەکی دادوەرانە مامەڵە ی لە گەڵ بکرێت و پزیشکی نێونەتەوەیی چارەسەری نەخۆشیەکەی بکەن.**

**ناوەندی چاك**

2007-3-4